# دەسا کوردینە . . . ئەمرۆ رۆژی هیممەتە!

ئەحمەد ئەسکەندەری

لە رۆژی 9/7/2005 ەوە کە شوانەی سەیدقادر لەمەهاباد کوژراو تەرمەکەی سووکایەتی پێکرا خەڵکی شارەکانی کوردستان دەستیانداوەتە خەباتێکی هێمنانە بۆ پشتگیری لە خەباتی ڕەوای کورد و بۆ بەرجەستەکردنی بارودۆخی کوردستان و ژێردەستەیی خەڵکی کورد و ستەمی میللی کە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران بەردەوام درێژەیان پێداوە.

سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم سەرهەڵدانە، هاودەنگی و بەپشتیوانی یەکترەوەهاتنی یەک لەدوای‌یەکی شارەکانی کوردستانە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو و جێگای شانازی. لووتکەی ئەم خەباتە مانگرتنی سەرتاسەری رۆژی 16ی‌گەلاوێژ (7/8/2005) بوو کە لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە و گەلی کورد لەڕۆژهەلاتی کوردستان نیشانیاندا کە بە باشی ئەزانن کەڵک لەشێوەی هێمنانەی خەبات وەرگرن.  خەڵکی کوردستان سەرەڕای توندوتیژی رژیم بەرامبەر بەلاوان و تێکۆشەرانی شارەکان و کوژرانی ژمارەیەک لەڕۆڵەکانی، سەلماندیان لەکاتێکدا کە نایانەوێت شەڕ و توندوتیژی بگرنە پێش، تەسلیمی داگیرکەران و کۆنەپەرستانیش نابن.

بزووتنەوەی ئەمجارە بەتایبەت پاش بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرەککۆماری دا کە مانگی پێشوو بەڕێوەچوو (بۆ نموونە بە پێی ئاماری رەسمی لە سەقز تەنها چواردە لە سەد بەشدار بوون کە ئەویش دەستوپێوەنەکانی خۆیانن)، ئاستێکی بەرزی ورەی خەباتگێرانەو پێگەیشتوویی سیاسی دەگەیەنێت. خەڵکی کوردستان «نەء»ێکی گەورەیان وتووە بە کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەم دیاردەیە، واتە هاوخەباتی شارەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر وەبیرهێنەرەوەی رۆژەکانی سەختی خەباتی دژبە رژێمی پاشایەتییە لە ساڵی 79-1978دا کە هەرکات شارێک شەهیدی ئەدا، بە هەزاران کەس لە شارەکانی دیکەوە دەچوون بۆ بەشداری ڕێورەسمی ناشتن و هەروەها دەربرینی هاوسەنگەری و هاوخەباتی‌خۆیان. یەکەم کۆبوونەوەی لەم چەشنە بەهاری ساڵی 1978 لەمەهاباد و لە کاتی ناشتنی تەرمی خەباتکاری لەمێژینەو زیندانی سیاسی چەندین‌ساڵە کاک عەزیزی یوسفی‌دابوو کە بەداخەوە چەندرۆژ پاش ئازادبوونی و لەئەنجامی نەخۆشی‌و دژواری زیندان گیانی لەدەستدابوو. وتاری هەردەم لەبیرماوی بەڕێز مامۆستا شێخ‌عزالدین‌حوسەینی و کەش‌وهەوای شۆڕشگێڕانەو هاودەنگی جەماوەری بەشدار لەهەموو شارەکانی کوردستانەوە تایبەتمەندی ئەم یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی سەرەتای دەستپێکردنی راپەڕینی دژبە رژێمی شابوو لەکوردستان.

لەم بزووتنەوە جەماوەرییەی ئەمجارەی کوردستاندا جگەلە کوژرانی ژمارەیەک و بریندار بوونی دەیانکەس، بە سەدان لە تێکۆشەرانیش زیندانی کراون. لەناو گیراوەکاندا تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان و لە وانە خاتوو رویا تلووعی دەبینرێن.

ئارەزووی پشتگیری لەئێرانەوە

لەم نێوەدا رۆژهەڵاتی کورستان چاوەروانی پشتیوانی وپشتگیری بوو هەم لەلایەن ئازاریخوازانی ئێرانی و هەمیش . . . لەلایەن هەموو گەلی کوردەوە لە سەرانسەری کوردستان.
لەئاستی ئێراندا بەرەی ڕاست داوامانلێدەکەن هەرجارێک کە باسی مافیگەلی کورد دەکەین لەپێشدا سوێند بخۆین بەتەواوەتی خاکی ئێرانو بەوەی کەجیاوازیخوازنین. بەلای ئەوانەوە ئەمە فیتی بێگانەیە دەنا ئەوستەمە کە لە مەهاباد و سەقز وسنەدەچێت هەرهەمان ستەمیش لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش دەچێت!
بەرەی چەپ و ناوەراستیش، یەک دوو ڕیزپەڕی لێدەرچێت، بۆیە دڵیان خۆشە بەم بزووتنەوە لەبەرئەوەی سەرەتایەک بێت بۆ شۆڕش لەهەموو ئێران و خزمەت بە رووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکات. هەڵبەت هەرهێزێک هەرچەندیش پچووک بێت و هەنگاوێک کۆماری ئیسلامی لەرووخان نزیکبکاتەوە، زۆرباشە و پێویستە پشتگیریتەواوی لێبکرێت. بەڵام لەلایەکەوە رژیمی ئێران لەکوردستانەوە ناروخێنرێت و پێویستی بە راپەڕینی جەماوەری لە تارانو ناوەندە گرینگە ئابووری، پیشەسازیو سیاسییەکان هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە وادیارە بەشێکی زۆری برادەرانی ئێرانی - بەهەموو باڵەکانیانەوە – ستەمی میللی لە سەر گەلی کورد ناسەلمێنن و ئەو راستییە دەشێوێنن کە ڕاکێشانی تەرمی شەهید شوانە لەمەهاباد بەشێکە لە سووکایەتیکردن بەمیللەتێک و وەبیرهێنەرەوەی ئەو کارەیە کە پێشتریش پاش شەهیدبوون و یان ئیعدامکردنی خەباتگێڕان لەلایەن هەردوو رژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە بەرامبەر بە کورد کراوە.
بەدەیان کردەوەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەگەلی کورد هەیە کە تەنها لە حکوومەتێک دەوەشێتەوە لە وڵاتێک داگیرکەربێت: لە فەرمانی جیهادەوەبگرە لەڕۆژی 19/8/1979 دا کە بە سەدان ئێعدام و هێرشی ماڵوێرانکەرانەی بۆ سەرکوردستان بەدواوە بوو، هەتا بومبارانی شارەکان، هەتا دوورخستنەوەی سەدان بنەماڵە بەتاوانی ئەوەی کوڕوکچەکانیان یان پێشمەرگە بوون یان ئێعدامکرابوون، هەتا شاربەدەرکردنی تەواوی خەڵکی شارێک (شاری سەقز پاییزی 1982) بەو تاوانەی کە شەوی پێشتر پێشمەرگە هاتبوونە ناوشار، هتد . . .
هەر خەڵک بەشێوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە داواکارییەکانیان خستووەتە بەردەم دەسەڵاتداران و ئەوانیش بە توندترین شێوە وەڵامیاندوەتەوە: خەڵکی شاری مەریوان هاوینی ساڵی 1979 بۆ بەرگری لەشەڕ کۆچیان کرد و چوونەدەرەوەی شار، خەڵکی شاری سنە ساڵی 1980 بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و پێشگرتن لە شەڕ ماوەی مانگێک تحصنیان کردو داواکاری چوونەدەری سپایپاسداران بوون، دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد کە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردبوو هەموو هەوڵی خۆیدا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ پرسی کورد بدۆزێتەوە بەڵام دەرکەوت کە هەموو داواکارییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ

وتووێژ لەگەڵ کورد لەفرتوفێڵ بەولاوە هیچی دیکەنەبووە. ئێمە چاوەڕێ بووین لەناو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانەوە شەپۆلی پشتیوانی و هاوخەمی بەرەو کوردستان بکەوێتەڕێ. بەڵام زۆر درەنگ هێندێک دەنگ بەرزبوونەوە. لەناو ئەوانەدا دەنگێک کە تارادەیەک ڕاشکاوانەتر لەوانیدیکەبوو هی چالاکی بزووتنەوەی ژنانی ئێران خانم نووشین ئەحمەدی خۆراسانی بوو کە بەتایبەت پشتگیریدەکات لە خاتوو رویا تلووعی و باقی تێکۆشەرانی مافیمرۆڤ لەکوردستان و هێندێک لە گرفتەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەخاتەڕوو.

چاوەروانی پشتیوانی لە . . . کوردستانەوە!

لەم بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەیەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگای پشتیوانی گەرمو گوڕی کۆمەڵانی بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر خاڵیبووە. هەربەراستی لە خۆماندەپرسین بۆ لە شارەگەورەکانی کوردستان، هەرلە سلێمانی و هەولێر ودهۆکەوە بگرە هەتا قامیشلی و دیاربەکر، ئەوە بۆ نابینین بە هەزاران بێنەسەر شەقام و نارەزایی بەرامبەر بەرژیمی ئێران و هاوخەباتی بۆ ئەم بەشەی کوردستان دەربڕن. نووسەران، شاعیرانو هونەرمەندان بۆ بێدەنگن، یان لانیکەم دەنگیان بەرز نیە. خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران و باقی توێژەکان بۆ چالاک نەبوون. ئەی باشە بزووتنەوەی ژنان بۆ بێدەنگ بوون. ئەو هەموو نووسەرو شاعیرەی بواری یەکسانیخوازیو ژنان کە هاوکات خەباتکاری ئازادیو دیموکراسیشن، بۆ کەم قسەن. خۆ لانیکەم ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانی کوردستان دەیانتوانی بەقەدەر ئەو خانمی خۆراسانییە دەنگیان بەرزبکەنەوە لە دژی گرتنی رویا خانم و سەدانی دیکەو بەیانێکی هاوبەش دەربکەن. تێگەیشتن هەیە بۆ پەیوەندی هێزە سیاسیەکان و هەروەها هەردوو ئیدارەی حکوومەتی هەرێم، بەڵام هێندێک پرەنسیپ و سەرەتا هەن کە هیچ بیانوویەکی دیپلۆماتیکو لەو نەوعە قسانە نایانبڕێت.
کەسانێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ گلەوگازندە لە بێدەنگی و کەمدەنگی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە باسی چالاکبوونی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن لە ئاستی رووداوەکانی باقی کوردستان و بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندان و بە نووسینو هتد. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەرکەس هەرچەندی کردبێت زۆر چاکی کردووە و زۆرچاکتریش دەبێت ئەگەر لەداهاتوودا زیاتر و چالاکانەتریش بیکات. پشتگیریکردن لە خەباتێک نە منەتنانە سەر کەسە و نە جێگای ئەوەیە چاوەروانی سپاسو ئافەرینکردن بیت. ئەوە ئەرکی سەرشانی هەرکەسێکی خوازیاری دیموکراسیو ئازادی و رزگاری گەلی کورد و یەکسانییە کە پشتگیری لە وەها خەباتێک بکات.
ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیکردن لە خەباتی رۆژهەڵات نابێت لەو دیدەوە بۆیبچین کە کاتی ئاوارەیی ئاواو ئاوا بەخێریان هێناین و یان بۆ هەڵەبجە و یان لە کاتی کارەساتەکانیدیکەدا ئەوەندەو ئەوەندە کوردی رۆژهەڵات چالاک بوون. قسە لەسەر ئەوەیە کە پشتگیری لەم بزووتنەوەیە هەم ئەرکی سەرشانی هەموو دانیشتوانی کوردستانە و هەم یارمەتیدانە بە دۆزی کورد بە گشتی و پێشخستنی بیری ئازادیخوازی و یەکسانی بەتایبەتی. پێشکەوتنی کۆمەڵگای رۆژهەڵات راستەوخۆ یاریدەدەری خەباتە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئازاد لە باشووری کوردستانیش و هەروەها لەبەشەکانی

دیکەش. زۆربەداخەوە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە لەدەرەوەی وڵات ژمارەی بەشداربووانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە قامک دەژمێردران. چاوەڕوانی هەرلە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان نیە (کە هەڵبەت زۆر کەمیان کردووە)، قسە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی کوردەو ئەو بەشەی کە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی سیاسیدا نییە.

زۆربەی توێژەرانی سیاسی ڕۆڵی گرینگی بارودۆخی باشووری کوردستان لەسەر ئەم بزووتنەوەیەی رۆژهەڵات دەسەلمێنن. شوڤێنیستەکانیش – چ لە ناوخودی دەسەڵات لەتاران‌و چ لە دەرەوەش - ئەڵێن ئەوە فیتی کوردستانی عێراقەو ئەیانەوێت ئێران لەت لەت بکەن. لە وەها کەش‌وهەوایەکدا و بە ڕەچاوکردنی رۆڵی هاودەنگی‌و هاوخەباتی و هێزوەرگرتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەیەکتر، گومان لەوەدا نییە کە هەبوونی جووڵانەوەیەکی پشتگیرانەی بەهێز لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە باشوور و لەباکووریش، دەبێتە فشارێک لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و بارودۆخەکە بۆ بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵات ئاسانتر دەکات.

14/8/2005